دکتور سا لح ئیبراهیمی



وا نییە (کە لە بارەی ڕۆژی پەسڵان بیر دەکەنەوە) بەڵکوو ئێوە دنیای ڕابوواردنتان خۆشدەوێ ﴿٢٠﴾ دوارۆژیش وەلا دەنێن و دەیدەنە پشت گوێ ﴿٢١﴾ لەو ڕۆژەدا دەموچاوگەلێ شاد و گەش هەیە ﴿٢٢﴾ کە ئەڕوانن پەروەریێنەری خۆیان ﴿٢٣﴾ لەو ڕۆژەدا دەموچاوگەلێ گرژ و ترش و تاڵ هەن ﴿٢٤﴾ گومان دەبەن جەزرەبەی کەمەرشکێنیان بەسەر بێنن ﴿٢٥﴾ وا نییە (ئەو قەت بڕوا ناهێنێ)، تا گیان بگاتە سەر لووتی و مەرگ بەربینگی پێ بگرێ ﴿٢٦﴾ ئەوترێ: ئایا کەسێ هەیە ئەم نەخۆشە ڕزگار بکا ﴿٢٧﴾ لێشی روونە وەخت و چاخی جیا بوونەوەیەتی لە دنیا ﴿٢٨﴾ لینگ و پووز و لەتەریش تێک هالاون ﴿٢٩﴾ لەو ڕۆژەدایە جێی هاژۆتن بەرەو لای پەروەریێنەرت ﴿٣٠﴾ جا (مرۆڤی کافر) نە بڕوای هێناوە و نە نوێژی خوێندووە ﴿٣١﴾ بەڵکوو بە درۆی خستەوەو ڕووی وەرسووراند ﴿٣٢﴾ لە پاشان بە خۆبادان و بە خۆبەزلزانین بەرەو ماڵێ گەڕایەوە ﴿٣٣﴾ ئەمە بۆ تۆ شیاوتر و لەبارترە ﴿٣٤﴾ جارێ تریش ئەمە بۆ تۆ شیاوتر و لەباترە ﴿٣٥﴾ ئایا مرۆڤ وا دەزانێ هەروا بە خۆڕایی و بە بێئامانج بەرەڵا کراوە ﴿٣٦﴾ ئایا ئەو نوتفەیەک: دڵۆپێک لە مەنی نەبوو کە پرژا(یە نێو مندالدان) ﴿٣٧﴾ لە پاشان بووە جەڵتە خوێن (بێچووەماسی – زەروو)، خوا ئەوی خەڵق کرد و ئەندامی ڕاست و ڕێکوپێکی پێدا ﴿٣٨﴾ ئەوانی لەو تنۆکەوە کردە دوو جووتی نێر و مێ(کوڕ و کچ) ﴿٣٩﴾ ئایا خوایێکی وا ناتوانێ کە مردووەکان زیندوو بکاتەوە ﴿٤٠﴾

## سوورەی ئینسان: مرۆ ٣١ ئایەتە

**سوورەی دەهر یا ئینسان یا ئەبرار لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣١ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئایا وا نییە کە ماوەیەکی زۆر بەسەر مرۆڤدا تێپەڕی کە شتێ وا نەبوو کە ناوی ببرێ و یادی بکرێ؟! ﴿١﴾ ئێمە مرۆڤمان لە نوتفەی تێکەڵاو خەڵق کرد و ئەو تاقی دەکەینەوە، جا ئەومان ژنەوا و بیناکرد ﴿٢﴾ ڕێگامان بەو نیشان داوە، یا سپاسبێژە یا ناسپاسە ﴿٣﴾ ئێمە بۆ کافران کۆت و زنجیر و تۆق و ئاگری بڵێسەداری سووتێنەرمان ئامادە کردووە ﴿٤﴾ بەڕاستی کارچاکان لە بادەیەک دەخۆنەوە کە کافوور و عەتری خۆشی لێ درابێ، ئاوێتەی کرابێ ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



لە کانیاوێک بەندەکانی خوا لەوە دەخۆنەوە کە بۆ هەر کوێ بیانەوێ دەیبەن و بە فیچقەیش هەڵیدەقوڵێنن ﴿٦﴾ هەرچی لە خۆ دەگرن (نەزر دەکەن)، وەفای پێ دەکەن ترسیشیان لە ڕۆژێ هەیە کە بەڵاکەی بۆ گلا ئەتەنێتەوە ﴿٧﴾ خۆراکێ کە خۆیان حەزی لێدەکەن بۆ خۆشەویستی خوا ئەیدەن بە هەژار و بە هەتیو و بە یەخسیر و دیلی گیراو ﴿٨﴾ (دەڵێن) تەنیا بۆ خوا خۆراکتان ئەدەینێ و هیچ پاداش و سپاس کردنێکمان لە ئێوە ناوێ ﴿٩﴾ ئێمە لە پەروەرێنەرمان ئەترسین لە ڕۆژێکدا کە سەخت و تووش و نەگبەت و پڕ مەترسی و ترسناکە ﴿١٠﴾ خوا ئەوانی لە شەڕی ئەو ڕۆژە پاراست و ئەوانی بە گەشە و خۆشی گەیاند ﴿١١﴾ خوا لەبەر ئەوەی کە خۆیان ڕاگرتبوو، بە بەهەشت و جلکی حەریری بەهەشتی پاداشی دانەوە ﴿١٢﴾ پاڵیان بە تەختی ڕازاوە و جوانەوە داوەتەوە کە لەوێدا نە تینی تەبەقی ڕۆژ دەبینن و نە سەرما ﴿١٣﴾ سێبەری دارەکانی بەهەشت کەوتۆتە سەریان و چنینی میوەکانی زۆر ئاسانە ﴿١٤﴾ بە دەفر و کاسەی زێوین و گۆزەڵەی بلوورین زەرکی میناکە تەژین لە باشترین خواردن و خواردنەوە بە نێوانیاندا دەگێڕدرێ ﴿١٥﴾ کاسەی بلوورین و زەرکی زیوین کە بە قاس و ئەندازەی پێویست ئامادە کراون ﴿١٦﴾ لەوێدا بە کاسەیەک تێراو دەکرێن کە بادەکەیان زەنجەفیلی تێکەڵ کراوە ﴿١٧﴾ لە کانییەک لەوێدا کە سەلسەبیلی پێدەڵێن ﴿١٨﴾ بە دەوری ئەواندا گەنجانی هەمیشە لاو و جەوان (بۆ ڕاژە و خزمەتکردن) دەگەڕێن، جا هەرکاتێ ئەوانە ببینی وا دەزانی مرواری دانە دانەن ﴿١٩﴾ کاتێ بنواڕی لەوێ ناز و خێر و خۆشی و نیعمەت و فەرمانڕەوایی گەورە دەبینی ﴿٢٠﴾ پارچەی تەنک و سفتی سەوز و کەسکیان لەبەردایە کە لە هاورێشم چا بووە و بە زۆر و فرە بازنە و خشڵ و مووچەوانەی زێویش ڕازاونەتەوە و پەروەرێنەریان بادەی پاکی پێ نۆشاون ﴿٢١﴾ ئەمە جەزای ئێوەیە و لە کۆشش و تەقالای ئێوە سپاس کراوە و بە ڕێز گیردراوە ﴿٢٢﴾ ئێمە قورئانمان بۆ تۆ نارد، بە ناردنێکی باش ﴿٢٣﴾ لە بەرانبەر فەرمانی پەروەرێنەرت بەتابشت و خۆڕاگر بە و بە قسەی هیچ تاوانبار و کافرێ لەوانە مەکە ﴿٢٤﴾ بەیانان و ئێواران ناوی پەروەرێنەرت بێنە ﴿٢٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



لە شەودا کڕنۆش و سوژدەی بۆ بەرە و لە درێژایی شەوگاریشدا زۆر پاکی و بێخەوشی ئەو (خوا) بڵێ ﴿٢٦﴾ ئەوانە دنیای زۆر ڕابووریانیان خۆشدەوێ و ڕۆژێکی سەخت (قیامەت) دەخەنە پاش خۆیانەوە (دنیایان گرتووە و قیامەتیان وەلا ناوە) ﴿٢٧﴾ ئێمە ئەوانمان ئافراند و خەڵق کردووە و پەیوەندی لەشولاری ئەوانمان پتەو کردووە، هەموو ئەندامی ئەوانمان داپێچاوە هەرکاتێ بمانەوێ جێی ئەوانە بە تاقمێتر وەکوو خۆیان ئەگۆڕینەوە ﴿٢٨﴾ ئەمە بیرەوەری و ئامۆژگارییەکە هەرکەس بیەوێ ڕێگایەک بۆ لای پەروەرێنەری خۆی هەڵبژێرێ ﴿٢٩﴾ ئێوە ناتوانن شتێکتان بوێ مەگەر ئەوەی خوا دەیەوێ، خوا پرزانا و لەکارزانە ﴿٣٠﴾ هەرکەس کە خوا بیەوێ ئەیخاتە نێو ناز و نیعمەتی خۆی، بۆ ستەمکاران عەزابی دەرداوی ئامادە کردووە ﴿٣١﴾

## سوورەی مورسەلات ٥٠ ئایەتە

**سوورەی مورسەلات لە مەککە هاتۆتە خواری و بە (بسم‌الله)وە ٥٠ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بە باگەلێ یەک بە دوای یەکا نێردراون ﴿١﴾ بە باگەلێ سەخت و بە گژەگژ هاتن ﴿٢﴾ بە باگەلێ بڵاوکەرەوەی (هەور) بە توندی و بارانهێنەر ﴿٣﴾ سوێند بەوانەیش بە هەڵبژاردن، هەڵداوێرن و ڕاست لە پووچ و ناڕاست جیا دەکەنەوە ﴿٤﴾ سوێند بەوانەی کە یادی خوا (بە پێغەمبەران) فێر دەکەن ﴿٥﴾ بۆ (لابردنی) بیانوو یا بۆ ترس وەبەرنان ﴿٦﴾ گفت و سۆز و قەول و ئەوەی بەڵێنتان پێدراوە دێتە دی ﴿٧﴾ کاتێ ئەستێرەکان تاریک و بزر بوون ﴿٨﴾ کاتێ کە ئاسمان لەت و کەلێنی بەست ﴿٩﴾ هەروەختێ کێف و کەژان هەژان و تێک رووخان ﴿١٠﴾ کاتێ کە بۆ پێغەمبەران کات دیاری بکرێ (هەر کاتێ لە ڕۆژی قیامەت پێغەمبەران کۆ بکرێنەوە – ئیمام فەخری ڕازی ج ٣) ﴿١١﴾ بۆ چ ڕۆژێک بە دوا خراوە ﴿١٢﴾ بۆ ڕۆژی جیاکردنەوە (ی هەق لە باتڵ) ﴿١٣﴾ تۆ چوزانی کە ڕۆژی جیاکردنەوە چ ڕۆژێکە؟ ﴿١٤﴾ وای لەو ڕۆژەدا بۆ بە درۆخەرەوان ﴿١٥﴾ ئایا ئێمە هۆزی (تاوانباری) پێشینانمان لە نێو نەبرد ﴿١٦﴾ لە دوای ئەوان، ئەوانەی دواییش لە نێو ئەبەین ﴿١٧﴾ (بەڵێ) ئابەمجۆرە لەگەڵ تاوانباران ڕەفتار دەکەین ﴿١٨﴾ لەو ڕۆژەدا وای بۆ بە درۆخەرەوان ﴿١٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi